www.kurdistannet.org
21/07/2003 23:02

# باشوری یان ڕۆژهەڵاتی بم، کوردستان قیبلەمە

عومەر فارس عەزیز

لە باشوری کوردستان لەکێشەی نێوان دووکەسدا یەك بەوی دیکە بلێت، درۆ دەکەیت، بەرامبەر هەست دەکات گەورەترین سوکایەتی پێکراوە. وەلی لە ڕۆژهەڵات لەهەمان حاڵەتدا بەرامبەر، لەوە دەچێت لەگوڵێك کاڵتری پێنەوترابێ.

لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەکێشەی نێوان دووکەسدا یەك بەوی دیکە بلێت، غەڵەتتکرد، بەرامبەر هەست دەکات گەورەترین سوکایەتی پێکراوە. وەلی لە باشور لەهەمان حاڵەتدا بەرامبەر، هەر خۆشی تێکنادا.

ئەدی ئەگەر بە دەسەڵاتدارنی کورد بلێین، ئێوە درۆتانکرد، ببورن غەڵەتتانکرد، کە لە 12-6-2003 دا و لە ڕیگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆتانەوە ڕاتانگەیاند، کە لەماوەی دووهەفتەدا هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەولێر و سلێمانی یەکدەگرێتەوە.

باشوری یان ڕۆژهەڵاتی بم، کوردستان قیبلەمە، ڕاگەیاندنی شۆڤێنی عەرەب کە تاکو دەرخستنی (عەورەت) لێماندەخوێنن، سەرکردەکوردەکان بۆ تەلەفۆنێکی زیندو لەکەڵیاندا لەسەرچۆك دادەنیشن. ئەوەنیە * (مەعصوم) لەسلێمانیە و بۆ دەوحە دەدوێ و پێیان دەڵێت: ڕاستە ئێمە لەگەڵ ئەمەریکیەکان ڕێککەوتوین بۆئەوەی کوردەکانی باکور PKK (دیارە بەرێز مەعصوم ئاگای لێنییە!! کە PKK وازیان لە خەباتی چەکداری هێناوە و سەری خۆیان کز کردووە و ناوی خۆیان گۆڕیوە بە KADEK و هەوڵی خەباتی سیاسی دەدەن، بۆ یە ئێستاش کە لەگەڵ کەناڵە عەرەبییەکان دەدوێ بە PKK ناویان دەبات.) لە کوردستان لەناوبەرین. ئافەرین ریکەوتن ئافەرین پێشمەرگەی کوردستان !! ئافەرین مژدەی یەکگرتنەوەی کورد.

**تورکیا دەڵێت لەگەڵ ئەمەریکا ڕێکەوتوین بۆئەوەی سوپاکەمان بێتە باکوری عێراق و تیرۆریستە کوردەکانی PKK لەناوبەرین، بەرێز (مەعصوم) بەمە نارازییە و نایەوێت سوپای تورکیا بێتە ناوچەکەیانەوە، پێی باشترە شەرەفی لەناوبردنی تیرۆریستەکان بەبەشداری خۆی و ئەمەریکا بێت نەك تورکیا و ئەمەریکا!.

ڕاستە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە؟: لە ساڵی 1992 دا یەکەم بڕیاری پەرلەمانی یەکگرتووی کوردستان لێدانی کوردی باکور بوو، وادیارە یەکەم هەنگاو بۆ چەسپاندنی دیموکراتی لەکوردستاندا پاش لەناوچوونی ڕژێمی دیکتاتۆری عاشق بەخوێن، هەمان هەڵوێست دووبارە دەبێتەوە بەڵام ئەمجارە بەهێزێکی پۆلاینی سەربازییەوە.

عەرەب کاتێك وشەی عەرەب بەکار دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەی زیاد لە بیست دەوڵەتی خۆیان هەیە، مەبەستیان هەموو عەرەبە، بەڵام سەرکردەکانی کورد لەگەڵ ئەوەی تاکو ئێستا بستێك خاکی (ئیعتراف) پێکراومان نیە، کاتێك وشەی کورد بەکار دەهێنێت، مەبەستی ئەو چەند هەزار کوردەیە کەلەدەوروبەریەتی. کوردستانیش لای ئەو ناوچانەیە کە خۆی دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە.

- *گفتوگۆیەکی زیندوی بەرێز فواد مەعصوم لە ڕۆژی 21-7-2003 کاتژمێری 3ی پاشنیوەڕۆ بەکاتی ئەوروپا لەگەڵ کەناڵی الجزیرە.
- ** ڕاگەیاندنێك لە زاری سەرۆك وەزیرانی تورك